**عیرفانی رهنمون، ڕاوێژکاری سکرتێر! یان داشەهارەی کۆماری ئیسلامی لە ناو ح. د. ک ـ ئێران دا؟!.. ب. یادگار**

پەرەگرتنی قەیرانی بەردەوامی ناو حدک، پاش کۆنگرەی سێزدە وگێرەوکێشەکانی نەخوازراو و بەڵا لێدراو، کارێکی وای کردوە، کە دۆستانی حیزب و شۆڕشی نەتەوەکەمان بەرەو ساردی وسڕی و بێهیوایی بکێشێ و دوژمنانمان لەهەموو کاتێک شادترو بە بزەتر.
حەق وابوو هەر زوو، ئەو قەیرانە، مەسئوولانە وژیرانەو دڵسۆزانە لەناوخۆی حیزب دا چارەسەر کراباو دەنگ وڕەنگی نەگەیشتبا دەرەوەو ناو سایتەکان.
بەڵام هەموو ڕێگایەکی دیالۆگ ومەنتقی و مۆدێرنی ئەورۆیی نەیتوانی ئەوانەی سواری کەری شەیتانی بوون، بێنێتە خوارێ و ئەگەر بە هەڵکەوت رۆشنایییەک بووبێ، کە کەسایەتی بەڕواڵەت یەکەمی ئەو حیزبە، کە بەداخەوە کراوەتە مۆرەی یاری تەختەنەرد و شەشخانی ئومێدی پێ گیراوە، ویستبێی هەڵوێستێکی لە جێ دا بگرێ بۆ دامرکاندنەوەی ئەو قەیرانە، چەند دەستێکی ناپاک کە دایم، لە لێڵ کردنی سەرچاوە خافڵ نین و هەموو فیکروزکریان بۆ بەرژەوەندی نادیاری خۆیانە، دەبنە لەمپەر وڕێگر لەبەردەم هەنگاوی چاک سازی دا.
پێشتر لە وتارێک دا، بەروونی باس لەپیتاندنی هەیئەیەک وئاکامی شەرمنامەکەیان، کراوە وتا ئێستا هیچ کام لە دمڕاست وکوێخاکانی ئەم باندە، وەڵامێکیان بۆ نەبووە، و تەنیا بە لاق گرتنی چەند هاورێی رێبەرایەتیی بە ئانقەست وەلانراو، و بەلادان لە ئەسڵی بابەتەکە، تەفرەدەرۆن و خۆڵەوخاڵانە گێژ دەکەن ودەدزنەوە.
لەو پێوەندییەدا، بەرە بەرە دەعبا وعونسوری گومان لێکراوی دیکە، کە وێدەچێ، سەرەهەودادەزوویەکی باش بێ، بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان وتەنانەت ئاشکرابوونی دەستەڕەشەکانی پشتی پەردە، کە لەمعادلاتی تێکدەرانەی دوێنێوئەمرۆی ناوحیزب دا دەستی هەیە، وەدیار دەکەون.
عیرفانی رهنمون یەکێک لەوانەیە. شەرحی ناسنامەکەی بەم چەشنەیە:
ـــ عیرفان کوڕێ مەلا یوسف، خەڵکی مەریوانە. باوکی عیرفان دۆست وبرادەری هەرە نیزیکی لەوەپێشی ئەحمەدی موفتیزادە ودواتر مەلا کرێکاری دژی کوردی سەربە تاقمی ئەنساروالاسلامی تێرۆریستە کە بە دەیان رۆڵەی تێکۆشەری کورد بە پیلانی ئەو پیاوکوژە تێرۆرکران ودەیان بنەماڵەی کوردیان ڕەشپۆش و خەمباری ئازیزانی لە دەست چوویان کردوە.
ـــ بەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، عیرفان لە ئەندامانی چالاک وهەڵسووری جەماعەتی موفتیزادە بووە ولەگەڵ هەموو گرووپە ئیسلامییەکانی سەربە ڕێژیم پێوەندی پتەوی بوە، ولە شناسایی و بە گرت دانی کۆمەڵێک لە لاوە شۆڕشگێڕەکانی چەپی شارەکانی سنەومەریوان دەستی بووە.
ـــ عیرفان لە ڕێگای باوکییەوە پێوەندی ودۆستایەتی گەرم لەگەڵ مەلا کرێکاری تێرۆریست دا پەیدا دەکا. لەنێوان دەیەی ٧٠ی ساڵی هەتاوی دا، کاتێک عیرفان لە زانکۆی رشتەی ئیلاهیاتی ئیسلامی شاری ئیسفەهان خەریکی خوێندن بووە، چەند جارێک مەلا کرێکاری تێرۆریستی بە ئاگاداری ڕێژیم، بۆو زانکۆیە دەعوەت کردوە وکۆڕ وکۆبوونەوەو سمیناری بۆ پێک هێناوە.

ـــ خوێندکارە کوردەکانی زانستگای ئیسفەهان چەند جارێک تووشی هەڕەشە وگوڕەشەی فەقێ عیرفان هاتوون کە مبادا قسەیەک دژ بە رێژیم وئیسلامەکەی! بکەن وگومانی وەی لەسەرە چەند خوێندکارێکی کوردی بەگرت دابێ.
ـــ لەو کۆڕ وکۆبوونەوانەی بۆ مەلا کرێکاری پێک هێناوە، بابەتی باسەکان بریتی بوون لە:
ـــ: دژایەتی و نەفی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد
ـــ: دژایەتی ویست و داخوازەدێمۆکڕاتیکەکانی کورد بەبیانووی دیاردەی غەربی و غەیرە ئیسلامی
ـــ: دژایەتی ئەحزابەکوردی یەکانی بە قەولەن کافرو هەڵوەشاوە، وەک: حدک و... کەلەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە فەرمانی بۆسادر کراوەوتۆمەتلێدانی سەر بە حیزبی بەعس بوونیان! وهەبوونیان بە زەرەری ئیسلام
ـــ: هاندان وڕاکێشانی خوێندکارانی کورد بۆ نێوداوی ڕایەڵکەی جاسوسی رێژیم
ـــ: موعیزەی ئیسلام گەرایی وئیسلام بوونی بە شەرت!
ـــ: و هتد...
عیرفان ساڵی ٧٩ی هەتاوی بەهۆیەکی نادیار! سەر لەحیزبی دێمۆکڕات دەردێنێ! و وەک رووناکبیرێکی بەرواڵەت چەپ! خۆ دەنوێنێ وپاش ماوەیەک لەبەشی رادیوی کوردستان کار دەکا.
دوای کۆنگرەی دوازدە عیرفان و چەندکەسێکی هاودەستی لەبنکەی رادیو، خەریکی گێڕانی پیلانێک بە دژی حیزب بوون، ونامەی نهێنی یان لێ دەگیرێ، لە لایەن حیزب وبەشێک لەو کەسایەتی‌یانەی رێبەرایەتیی پێشوو، کە ئێستا بە ناحەق وەبەرتانەوتەشەرو تۆمەتی ناڕەوای قەنبەرو حەیدەر ورەزاو شۆرش و... دەکەون، بڕیاری دەرکردنی عیرفان درا. بەڵام بەپاڕانەوەو خواتروخوایشی سکرتێری ئێستاو سەرجەم ئەندامانی هەیئەی فتوا وچەند کەسی‌تر، کەپشتیوانی وزەمانەتی دەکرێ، چاوپۆشی لێکراومۆڵەتێکی‌تریان پێدا.
فەقێ عیرفان وەک عونسورێکی بەهێز لەجەرەیانی جیناح بەندی نهێنی دوای کۆنگرەی سێزدە دەکرێتە راوێژکاری سیاسی (مشاویری ک. ناوەندی) دەستەڕاستی کاک مستەفای هیجری وهەروەها میرزابنویسی مەتڵەب ووتارەکانی سکرتێر.
جگە لەوەش نوێنەرایەتیی حیزبی لەبنکەی پێوەندی سولەیمانیە هەیە وسەرجەم کارمەندەکانیشی هەرلەو تاقمەن. جێگەی سرنجە، هیچکام لەحیزبەدەسەڵاتدارەکانی هەرێمی باشور، خوازیاری چاوپێکەوتن وپێوەندی دەگەڵ فەقێ عیرفان نین!.
بە پێی تەوافوقێکی گونجاوی سکرتێرو لایەنی ئوپۆزیسیون، سەبارەت بە پێکهێنانی چەند کۆبوونەوەیەکی گشتیی کادرو پێشمەرگەکانی بنکەی دەفتەری سیاسی کۆیە، بە مەبەستی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی هەردوولایەن وئەگەری چارەسەرێکی شیاو بۆو قەیرانەی ناوحیزب، بەدوای تەواو بوونی نۆرەباسی بەرێز عەبدوڵڵای حەسەنزادە، سکرتێری لانیکەمی دە ساڵی حیزب، عیرفان بەمەبەستی شێواندنی کۆبوونەوە وبۆ ئەوەی درێژەی ئەم کۆبوونەوانە مبادا زەرەری بۆ پەزی هەبێ، بۆدیفاع لەکاک مستەفای هیجری شکر دەشکێنێ ودەڵێ:
ـــ: کاک مستەفا دەریا!! یەو دەریاش بە دەمی سەگی پیس ناکرێ! و بەم چەشنە دەرگای کۆبوونەوەکان بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکان گاڵە درا.

ئاکامی ئەو بێحورمەتی‌یە مەبەست دارەی عیرفان بەمامۆستا، دەبێتە هۆی نارەزایەتی ودەربڕینی بێزاری زیاتر لە ٤٣لە سەدی کادروئەندامانی حیزب کەبەتۆمار دەدرێتە سکرتێری حیزب، بەڵام لەجێگای سزاوسەرکۆنە، دەسخۆشانەی زیاتری پێ دەدرێ!

خوێنەرانی بەرێز: کوردستان وشۆڕشەکانی زۆر کەسایەتی ئایینی زانا ودڵسوزی کورد ونیشتیمان پەروەری وەک: مەلا ئاوارە، مامۆستا حەسەنزادە، مامۆستا شێخ عیزەددین، حاجی مەلابرایمی رۆستەمی، مەلارەحیمی عەبباسی، مەلاخالیدی شکاک، مەلاکەریمی شاریکەندی، مەلاعەبدوڵڵای ئەحمەدیان، مەلالاهیجانی، برایانی وێردی، مەلامەحەممەدی عوسمانی و... سەدانی تر، هەبووە وهەیە کە بۆڕەسمی کوردایەتی وشۆڕشگێری سەرمەشق ومامۆستا بوون ولەشۆڕش دا سەرداری گەورەو لە قەزاوەت دا قازی‌یەکی بەتوانا وعادڵ ولەمێژوو دا نەخشیان بووە و هەیە.

ئەم ڕوونکردنەوەیە حیسابی ئەم هێژایانە بە هەزار ساڵ دوور و جیاواز دەبینێ لە گەڵ هەڵوێستی تاقمێک بە ڕواڵەت دینداری نیشتمان فرۆش و بێگانە پەرست.

هەن کەسانی وەک عیرفانی فێڵاوی لە قالبی کابرایەکی دیندارو یان بەڕواڵەت رووناکبیر! کە گومانی شێخ زانایەکی خاین ونەتەوەفرۆشی تری لێبکەوێتەوە.

وەک گوتەنی: مانگە شەو سەر لە ئێوارەوە دیارە.

ناسنامە و ئاکارەکانی رابردوو و ئێستای عیرفانی ڕاوێژکاری سەربە کوێ ش؟! و ئەوانەی بە قووڵی دیفاعی لێدەکەن، ئاکامەکەی چ دەبێ، بۆ کوێ دەکێشرێ؟

لێکدانەوەو قەزاوەتەکەی بۆ ئێوە.